# (ی.ن.ک) بەترۆ کردنی فتاح زاخۆیی و دەرکردنی مەجید سالّح، ئیسپاتی دەکا سۆشیالست و دیماکراتە! ... قەیوان محەمەد حەمەساڵەح.

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، وەك لەهەر دوو کۆنگرەی یەکەم ودووەم ی خۆیدا بەیانی کردووەکەوا رێکخراوێکی سیاسی سۆشیالیست و دیموکراتە. لەپێناوی ئازادی ودیموکراتی و یەکسانی یدا تێدەکۆشێ. هەرئەوەشی کردووەبەدروشمی بنچینەیی و لەپەیرەوو پرۆگرام یدا دایرشتووە. مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆ نوسیین یشی خستووەتەسەرا!. جا ئیتربەعەمەلی چەندی بۆ جێ بەجێ کردوین ئەوەپرسیارێکەو وەڵامەکەشی لەپیارسکەی هەمووەمان دەست دەکەوێ!. ئەکرێ بڵێین (ی ن ك) لەسەرەتاوەزۆر جوامێرانەچاکی مەردایێتی لێ هەڵکردوو بەمانای کەلیمە(ئاشبەتاڵی بەئاشبەتاڵ کرد) لەو سەردەمەدا. وەك کولتوری شۆرشگێرانەیدا دەوترێتەوە. تاکەحزبیشەکەزۆرترین پیاوی رۆشنبیرو خۆنەوارو قارەمانترین رۆڵەوبوێرترین پێشمەرگەوئازاترین کەسی لەدەور کۆبووەوە. بۆ سەردەمی شاخ و پاش ئەنفال و راپەرین، پشکی شێری لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان بەرکەوتووە. بەڵام بەداخەوەزۆریش بەداخەوەئەو رێکخراوەی کەسەدان و هەزارانی وەکوو:خاڵەشهاب و ئارام و علی عەسکەری و ئیبراهیم عزۆ و دکتۆر خالید وسیروان تاڵەبانی وچوار برای!ئەنوەر حەسەن وئازاد هەورامی و مامەریشەو حەمەرەش وشەو کەتی حاجی موشیر و خالید گەرمیانی و مەلا عەلی و جەمالەرەشی دوژمن بەزێن وشێری زیندان!جەباری حاجی رەشید و هەزاران هەزار قارەمانی تر کەبەهەزاران هەزار لەسەر نووسین لەئەژماردن نایە. ! ئەو ئەکێتی یەبۆئێستاوئەم سەردەمەی دەبێ بلێین (ئاخ ئاخر نەباخ) . !!!؟؟

خەڵکانێکی زۆر بەتایبەت چینی خوێنکارو کرێکارو توێژی روناکبیران زۆرێك لەهیواکانی خۆیانیان لەسەرهەڵچنی بوو. . ئێستا یەکێتی ناتوانێ بلّێ فەرقێکم هەیەلەگەڵ پارتی!؟ ناتوانێ بلّێ بونیاتم لەسەر (چۆنایەتی وچەندایەتی) یە. دەمێکەئەو، ئەو کەلتورەی لەدەست داوەو باشی گرنگی داوەبەزۆریو بۆری. ! کاری رۆژانەو هەڵس و کەوتی زۆرێك لەلێپرسراوو کاربەدەست و دام و دەزگا حیزبی و حکومییەکانی رۆژانەبەگژ کەلتوری رابردوو دروشم و پەیرەوو پرۆگرامەکەیدا دەچێتەوەو هەر بەخۆی خۆی رەفز دەکا.

جار بەجار لەئاکامی تراکوم و زۆر بونی گەندەڵییەکانی هەرەشەیەکی ئیعلامی و گورێکی تیۆری بۆ دەسێنێتەوە(چاکسازی-پاکسازی-ترۆ کردن-خیش کردن-جێ گۆرکێ و. . . . . هتد) دواتر بەوەلائو مەحسوبییەت ومەنسوبییەت و تکتولات، کۆتایی بەیاریەکەدێت و کۆمەڵیکی تر بەجۆ رێکی ترلەبەرگێکی تری تکتولات دا بۆ خۆیان و هەندێ لەکەس و کاریشیان موستەفید دەبن. بۆ نموونە: وەکو ئەم تەکەتولاتەتازەیەی (ریفۆرم) !.

کەبۆ هەر کەسێك ئیمزای کردبێت، (کولێرەی لەرۆنی خۆماڵی) دایە! هەندێ کەسیش هەن لەم دواییەدا لەرێگای (بەییعت) دانەوەگوێچکەنانێکی دەست کەوت! بەردەوام دەرگاش والایەبۆ تەوبەکردن بەشەرتی سەیارە؟. خۆ هەر قوربەسەرێکی برادەران جەماعەتی باڵی ریفۆرم بەحسابی خۆی هەڵوێستی هەیەبۆ چاککردن و راست کردنەوەی باری لاری یەکێتی، ئەوا دراوەتەبەر لووت و رۆژ لەدوای رۆژ وەزعی خراپ تر دەبێت. بگرەوەکوو حیزبێکی تر تێرامانی بۆ دەکرێ. . . . ئەمەلەو بارەیەوە.

لەلایەكی ترەوەو لەتازەترین چالاكیەحیزبی و حكومییەكان كەبەدیلی چالاكییەكانی پێشمەرگایەتی خەباتی شاخە، پشت ئەستوور بەو بیرو رای ئازادو دیموكراتیەتانەی كەهەیە، ترۆ كردنی فەتاح زاخۆیی و دەركرد ن و سزادانی مەجید سالەح بوو. ! كەئەو بڕیارەنەك خزمەتی یەكێتیی ناكاو پێی گەورەنابێ، بگرەزۆر خزمەتی ئەو دوو كادرەدەكات و یەكێتی پێ بچووك و ئەوان پێی گەورەدەبنەوە. دەبوو یەكێتی قەت قەراری وای نەدابا. لەبەئەوەی:- 1- فتاح زاخۆیی لەسەر لیستی حیزبی زەحمەتكێشانەو هەر ئەوانیش باشترین دۆست و نزیكترین هاوپەیمانی یەكێتیی بوون لەهەموو ڕووداوەناوخۆییەكان، كەتاسەربەڕاستگۆیانەلەگەڵ سیاسەتی یەكێتی هاوكار بوون. .

2- دەبوو یەكێتی پاش ئەوەی كەبۆی دەركەوت فەتاح زاخۆیی دەنگی بەدەستوور نەداوە، لەرێگای ڕاگەیاندنەوەئەوبیرو ڕایەی زاخۆیی بەنموونەبۆ ئازادی بیروڕا لەناو یەكێتی باس بكردایە. خۆ بەدەنگی ف- زاخۆیی چ لەمەسەلەكەدەگۆڕێ؟.

3- ڕەنگەفتاح زاخۆیی پیاوێكی هێندەنەبێ، بەڵام حكومەتەكەی كا عومەر زاخۆیی بەهەمووان ناساند! من پێم وایەزاخۆیی چەند ساڵێ وەزیر بوو هێندەمەعروف نەبوو كەوا ئێستا باسی لێوەدەكرێ. سبەی ڕۆژێ ئەو كابرایەدەتوانێ بڵێ من لەسەر بیروڕای سەربەست نان بڕاو كرام. . بەڵام كادرانی یەكێتی دواتر چۆن موناقەشەی دیموكراتی و ئازادی ڕادەر بڕین دەكەن؟.

لەلایەكی ترەوەسەبارەت بەمەجید سالەح كەئەندامی مەڵبەندەو وەك دەڵێن كادرێكی ناوەند (وەسەتی) یەكێتی یە. لێپرسراوە لەدەزگای ڕاگەیاند ن و ڕادیۆTV گەرمیان لەكەلار. هەرەها سەرنوسەری بڵاوكراوەی ئایندەی گەرمیان یشە، ئەو بڵاوكراوەیەی كەزمانحاڵی مەڵبەندی ڕێكخستنی گەرمیانی ی ن ك ەلەكەلار.

من هێندەئەو مەجید سالەحەدەناسم كەزۆر جار بابەتەكانی لەماڵپەڕی دەنگەكان بلاو دەبنەوە. بابەتی وەرگێران لەفارسی و شتی ڕەخنەئامێز دەنوسێ. ڕەنگەكادرەبوێرو پیاوەڕۆشنبیرەكەی ناو ئەو مەڵبەندەش بێت!! هەر بۆیەش ئەو هەموو بوارەئیعلامییەی پێسپێردراوەو دواتریش هەر لەسەرڕەخنەو دەم درێژی ئەمیش ترۆ كرا. !!!

دەركردن و ترۆ كردنەكەشی لەسەر ئەوەبووەگوایە ڕەخنەیەكی بچكۆلانەی لەدەسەڵات گرتووە! نوسیویەتی دەسەڵات نەبەپیری داواو داخوازی خەڵكەوەدێن و نەگوێ لەهاواروهاژەی دەسەڵاتی چوارەم دەگرن. . .

جا باشەنازانم بۆ خراپی نووسیوە؟ نازانم گەر وایەبۆ تاوانەڕاستی وتن؟ گەر وا نیەبۆ ماوەیەك پێش ئێستا هەر لەو شارە(كەلار) ڕێپێوان وخۆپیشان دان كرا، دژ بەگەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری و گوێ نەدان بەبیرو ڕای نووسەران؟!.

لەو ڕۆژانەدا بەبڕیارێكی شەفەی و بەگلەییێكی جەنابی سەرۆكی حكومەت كاك عومەرفتاح لەدەزگای ڕێكخستن، بەیەك قەراری قەرەقوشی و بەیەك زەنگی تەلەفۆنەكەی ئەرسەلان بایز لەمەكتەبی ڕێكخستنەوە بۆ مەڵبەندی گەرمیان، باشتر بڵێین لەسلێمانی یەوەبۆ كەلار دەست بەجێ مەجید سالەح چەك و جل و جامانەبكرێ!!

هەر لەبەر ئەوەی ئەو كابرایەدەم درێژەكادری ئێمەیەچۆن دەبێ لەسەر دەسەڵات بنوسێ؟!!!. ئەمەیەدیموكراتی و دەنگی ئازاد. یاخود ئەوەیەزەنگی خەتەروئەزییەتی گیانی شەهیدان. !بەخوا لەوەدەچێ ئەو مەجیدەش لەجەماعەتی ئیمزا بێت!!!!!!

زۆرێك لەخەڵك و نەیارانی یەكێتی بەتایبەت دەزگای پاراستن و دەزگای ڕاگەیاندنی پارتی وای تێدەگەشتن كەماڵپەڕی ئازادو ڕەخنەگری (كوردستان پۆست) سەر بەیەكێتیو دەزگای زانیاری یە!. . گوایەیەكێتی لەهەموان (حزبەكان) باشترە. بەڵام ئەو

جۆرەکارانەنەك گومانەکان ئەڕەوێنێتەوە، بگرەبەتەواوی ڕاستییەکان بۆحەمەسەعی حەسەن (هیوا ڕەشید) ەکەی تۆڕنتۆش ڕوون دەبێتەوەکەوانیە. . .